# ئاوێزان
لە کەناری کاکێشاندا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# ئاوێزان

## لە کەناری کاکێشاندا

سیروان ڕەحیم



کتێب: ئاوێزان لەکەناری کاکێشاندا
نووسینی: سیروان ڕەحیم
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٣٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

ئێوە چۆنیان دەبینن سەربەستن. چ جۆرێک چێژی هونەریتان دەیاننرخێنێ، کارێکە خوەزا. دەبێ ئەمانە شیعر بن یان کۆمەڵێ دەقی هونەری، یاخود پەخشانگەلێک کە ئاهەکانی حەسرەت و چاوتروکاندنەکانی ئەڤین جەستەیان تەنی بن. لای من ئەمانە پێکهاتەیەکی هونەرین کە لە توخمەکانی شانۆ، شیعر، نیگای کامێرا، چیرۆک و کۆمەڵێ هەناسەی تری هونەرەوە سازبوون.



میننەت ژ خودایێ، کو ب عەبدێ خوە مەلایێ
ئیکسیرێ غەمێ عیشق، نە دینار و درەم دا
مەلایێ جزیری

هەم واریسی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنون
واتێ مەگە، قوربان، کە گەدا، بولهەوەسێکم
نالی

سەراسەر کاری سالم عیشقی تۆیە ئەوەڵ و ئاخر
خەجاڵەت بێ قیامەت گەر بەبێ تۆ مەیلی جەننەت کا
سالم

سەکینەی مەرتەبەی سوتانیە ئاتەش پەرستی عیشق
ئەگەر ساحێب ئیرادەت بێ عەجەب پیرێکە پەروانە
مەحوی

ئاخ، پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم
سیوای تۆ دیدەم، کەس نەدیام وە چەم
مەولەوی

نەماڵم دەوێ، نەگەنجی دنیا
باڵای تۆم دەوێ بەتاقی تەنیا
فۆلکلۆر

## دیارییە

بۆ دایکم. ، ئەو ژنە دلۆڤانەی کە تاکو ئێستا هەرگیز سیمای هیچ ژنێکم نەبینی لە سیمای ئەو بچێت و ڕووبەڕووی هیچ ژنێکیش نەبوومەوە بۆن و بەرامەی ئەوی لێبێت.

بۆ باوکم، ئەو مرۆڤە میهرەبانەی کە لە گەشتی ژیاندا، جاربەجار سیمای پیاوێک یان ڕەنگوڕوویەک شێوەیەکی کاڵی ڕوخساری ئەوم دێنێتەوە یاد و دەبێ بەمایەی ئێستێکی کورتم ئەو دوو ئازیزەی ژیانم کە پاش مەرگیان، لە ڕۆژە خۆش و دژوارەکانمدا دێنە خەوم و دەست لەملانیان دەبم.

پێشکەشە بەوان، بەو ژن و پیاوەی کە تاکە جارێکیش نەمبینی یەکتر ماچ بکەن.

# فریشتەی خۆشەویستی



ئەو فریشتەیەکی وایە کە: دەتوانێ جەستەی پارچەپارچەی عیشقم کۆبکاتەوە، ناوونیشانی ڕەسەن و زیندووی ئەڤین و ژوانی هەمیشەیی دڵداریم بێت.

(ئەمە قسەی ئەو ئەڤیندارەیە کە تاکو ئێستایش ناوونیشانی مەبەستی چنگ نەکەوتووە.)

لە تونێلەکانی تاریکی، ئاوارەیی، بێکەسی و بێ هۆگرییدا، وەکو هەمیشە لەم وێستگەیەوە بەرەو وێستگەیەکی دی لە گەشت و فڕینی بەردەوامدا بووم، چۆن فڕینێک؟! فڕینێکی بێ حەسانەوە، فڕینێک کە هیچ کەنارێک نەدەبوو بەسەکۆی پشووی دوای ماندووبوون، هیچ ئاسمانێک نەدەبوو بەساباتی حەسانەوە، لە یەکێک لەو وێستگانەدا دەبوو لە ماڵ بوێستم و هەڵوێستێک بکەم.

لە ماڵ؟ کام ماڵ! ( مەگەر تۆ ماڵت بەکۆڵتەوە نییە مەگەر تۆ ماڵت لە جانتاکانتدا نییە!) ڕۆحم لە دەڤەرێکی دی و هەنگاوەکانیشم بەڕاڕەوێکدا

جەستەمیان بەرەو بەرزایی باڵەخانەیەک بەکێش دەکرد، باڵەخانەیەک کەیەکێک بوو لە تونێلە قوڵ و تاریک و تەنهاکانی دیکەی تاراوگە، باڵەخانەیەک کە پەنجەرەکانی دەڕواننە سەر شەقامێکی درێژی باژاڕێکی ڕازاوە. پەنجەرە و باڵەخانەیەک کە هەمیشە حەزرەتی شیعر و عیشقی دەهێناوە یادم، دەیبردمەوە خزمەتی نالی، ستونی سوتان و ڕازی پڕ نیاز:

لەم حوجرە، لەبەر پەنجەرە کەوتووم و دەخوێنم
بێ عەینی دەڵێی بولبولی گۆشەی قەفەزێکم

... بەرەو بەرزایی باڵەخانە دەبوومەوە، بەرەو قوڵایی تونێلەکە دەچووم، کە تیشکیک بەشەوارەی خستم و لە جێگەی خۆ ڕواندمی. تیشکێک کە لە چاوتروکاندنێکی دواتردا، بەبینینی سروشت و پێکهاتەی بێگەرد و ئاسمانی خۆی نیشانی دام کە فریشتەی پاکژی پڕ ئەفسونە و ڕۆحم تەنها



لە ئامێزی ئەو هەموو نیانی و خاوێنییەدا دەتوانێ ئارام و ئاسودە بێت.

وەڵاهی کڵاوی سەری من چەرخی دەماڵی
ببوایە بەدامانت ئەگەر دەست ڕەسێکم
هەم واریسی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنون
واتێم مەگە، قوربان، کە گەدا بولهەوەسێکم

تیشکێکی زێڕین: کە لە وەدەچوو ئەستێرەیەکی ئاسمانی نیشتمانەکەم بێت و بەهانامەوە هاتبێت پێدەچوو سروەیەکی ناسکی زێدی ئازیزم بێت و بەرەو ڕووی ماندووم فڕیبێت. یان پەپوولەی یەکێک لە باخچەکانی کەرکووک بێ و بیەوێ لە لالەزاری ئەم ئەوینە تەڕ و پاراوەدا بکەوێتە شنەشنی هەمیشەیی.

(... ئەی فریشتەی ئازیز... ڕێگەم بدە دەربازی دڵت ببم، دەربازی ئەو ڕووبەرە پڕ ئەفسوونە ببم و بیکەم بە پایتەختی بەردەوامی دڵنیایی، مەڵێ نا! ئەگەر نا، بۆ هەتا هەتایە ڕێبوارێکی ڕێگەی حەز و خۆشەویستی سەرگەردان دەبێت.)

ئاخ لەو ئێوارەی یەکتر ناسینە. ئاخ لەو دەریازە سامناکەی ئەڤین کە منی دایە دەم زەریای سەرکێشی سەوداوە. زەریایەک کە دواتر خستمیە ناو شەپۆلانی بە گوڕی خۆیەوە و هەرگیز ناتوانم لێی دەربازبم، بە جۆرێک... نەدەتوانم نوقم ببم و نەدەشتوانم بگەڕێمەوە دەریازە. من ئیدی لە ئامێز و لە پانتایی شەپۆلانی پڕهەژێنی حەزلێکردندا لە سەمای هەمیشەییدام.

سەمایەک کە هیچ کام لە موریدەکانی مەولانا ناتوانن بەرجەستەی بکەن، ئەمە سەمایەکە لە ئاسمانەوە سەرچاوە دەگرێت.

فریشتەی دلۆڤان... من مرۆڤێکی بێ وەڵاتم. تەنها بە ئاوێتەبوون لەگەڵ تۆدا هەست دەکەم، بەڕاستی هەست دەکەم کە منیش وەکو ئەوانی دی لە وەڵاتی ڕەسەنی خۆمدام.

......

دوای چەندین خەونی پڕ مەراق. دوای چەندین پێکگەیشتنی پڕ تاسە. دوای چەندین تەماشای لێوانلێو لە جوانی ئایندە. لە هەناوەوە سەرەتای گفتوگۆیەک دەستی پێکرد، گفتوگۆیەک کە کردمی بەدوو کەرتەوە، کەرتێکم دەیگوت:

پەیامی مەبەستی پێدەڵێم و کەرتەکەی دی دەیگوت:

ئەی ئەگەر ئەو فریشتەیە زیز بوو؟

– فریشتە زیز نابن! ئەوان جەستەیەکن تانوپۆیان بە میهرەبانی خەملێیوە.

دوای زۆرانبازییەکی بەردەوام و پڕ لە هەڵکشان و داکشان، ئەو کەرتی ڕۆحەم بردییەوە کە پەیامی پڕ ئەڤینی لە زاردا هەڵگرتبوو:

من تۆم خۆشدەوێ، ئەی فریشتەی میهرەبان من تۆم خۆشدەوێ، خۆشەویستییەک کە بەرەنگ و ڕوخسار، بەرۆح و هەناو لە خۆشەویستیی نالی و حەبیبەوە سەرچاوە دەگرێ. دەتۆیش بەپیر ئەم هەستە زراڤەی منەوە وەرە و ئاسودەم بکە، ئاسودەکردنیک کە بەژنی درەختی ژیان و خۆشەویستیمی گەز گەز پێ باڵا بکات.

٢٨ – ١١ – ٢٠٠٠

# پڕۆژە



لە خەزنەی دڵمدا هەرچی هەیە، هەرداغی سەودایە
دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێ سەودا نەکەم، چبکەم
دەمێکە شاری پڕشۆری مەحەببەت مات و خامۆشە
بەقانونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم، چبکەم
مەحوی

تاسەی بینینت هەموو نیشتمانی خەیاڵی داگیرکردووم، تەماشای قەڵەمەکان دەکەم، دەمەوێ شتێک بۆ دوێنێ شەوی خۆت و خۆم بنووسم، قەڵەمەکان هەموو سەرەتاتکێیانە. یەکە یەکە چاوم لێدادەگرن، بەدیار ئەو مێزەوە دانیشتووم کە دوێنێ شەو شەرابی تۆسکانامان لەسەر دەخواردەوە، دەبێیتەوە هەمبەرم، دەتبینم کە چلۆن ڕەنگی کێشکەری شەرابت گرتووە، دەتبینم کە چۆن بوویت بەهەوێنی ئەوین و تێکرژان. شەرابی تۆسکانا[1] و مەزەی ماچ، ماچ ماندوو دەبێت و دەوێستێ، ئێمە سەرەتامانە. ماچ لە نێوان بەرداشی خرۆشدا شەکەت دەبێ. ئێدی دەگونجێ و دەخونجێ کە جەستەی خۆمان بخەینە سەرمێزی تێکئالان و یەکتری هەڵلووشین.

***

دانیشتووین. توێشوی گەشتی ڕەنگاوڕەنگی ئێمشەو شەراب و شیعری نالییە. کوڕێکی سەرڕەشی ئارانی و کەنیشکێکی زەرینی زۆزانی. ئەم کچە چاومەستە بەچەشنی مەراقێک دەیەویت بچێتە دیداری شیعری پۆڕڕەشی نالی و دەیەوێ ختووکەی گەرمیانی لەسەر جەستەی سەما بکات. ئەم کچە زۆر سەیرە لە دەستە خوشکەکانی ناچێت، ڕێگە بەهەناسە و بەئاهەنامۆکان دەگرێت.

کەنیشکە... تۆ دەخوازیت بەپڕۆژەکەم ئاشنا بیت؟ تۆ بەرجەستەی

١- تۆسکانا toscana هەرێمێکی ڕازاوەی ئیتالیایە، شەرابی زۆر بەناوبانگە.



پڕۆژەکەم دەبینیت؟ پڕۆژەی هەوێنی ئەڤینم. پەیکەری تیرێژ لەمل و ئاوێتەی حەز و چێژ.

دەزانی چم دەوێ؟

دەمەوێ، لاولاوی ئەم عیشقەی گەرمەسێر لە باڵای ئەم منارەیەی باکووری ئەوروپا بئاڵێ. دەمەوێ ئەنگوستی حەزێکی ئارانی بەبناری مەمکۆڵەتدا هەڵزنێ. دەمەوێ هەڵزنێ و تاڤگەیەک لە تەزوو بڕژێتە ڕووبەری لەشتەوە. دەمەوێ گڕەی چەمچەماڵ و شنەبای فۆلکمارزن[2] یەکتری هەڵمژن.

گەرەکمە دووئاوانی ئەوینان بڕژێنە ناو یەکدی و شەوتای شەرابی شادییەک لە بناری تێکترنجانەوە سەرهەڵبگرێ.

دەمەوێ تێتئاڵێم، دەمەوێ تێتخزێم.

دەمەوێ بەچەشنی ئەو شەرابەی بەردەستمان بتخۆمەوە.

دەمەوێ بەچەشنی ئەو شەرابەی بەردەستمان بمخۆیتەوە.

هەمیشە لە یەکەم چرکەی دیدارتەوە، خۆم و شیعرەکانی نالی پێکەوە مەست دەبین. کە دەست بەخواردنەوەی شەراب دەکەین، شیعرەکانی نالی، پێکەکەم و من لە مێژە مەست و مەیزەدە بووین.

کەنیشکە سرکەکە... تۆ گەرەکتە پێکگەیشتن و لێکخشاندنی زەوی و ئاسمان بژیت! گەرەکتە؟ بەرسڤم لێتدەوێ...

(دەیەوێ خەیاڵم پارچە پارچە بکات، پێکەکەی بەرزدەکاتەوە و دەڵێ: بەخۆشیی حەبیبە و نالی)

گەردەن بلوور، من نەخاپینە. ئەم مێزە چ دەکات لە نێوانمادا؟ وەرە

٢- volkmmarsen شارۆچکەیەکە کەوتۆتە ناوەندی ئالمانیاوە، زێدی ئەو کەنیشکەیە کە بووە بەهەوێنی ئەم خۆشەویستییە.

ئامێزم. سوور هەڵمەگەڕێ. دەڵێی کچە گەرمیانیت! دەوەرە دلۆڤان، دەمەوێ لە چاوانت بڕوانم. لە چاوانتدا پانۆرامای مێژووی ئەڤین دەبینم. لە چاوانتدا هەموو زێیە کەسک و شینەکانی ئەوروپا یەکدەگرنەوە. لە چاوانتدا نیشتمانێک دەبینم کە دەشێ ببێ بەلانکۆڵەی هەدادانم. وەرە دەست لە کەمەری یەکتری گیربکەین. وەرە یەکتری هەڵبمژین. ئەی بەژن زراڤی مەمک قوت، دەوەرە.

دەوەرە، پشیلە ڕەنگینەکە. دەوەرە پشیلەی چاونەخشین. چاوانت هەر دەڵێی چاوانی پشیلەی وانە[٣] و چەندین ڕەنگی ئەفسوونیی تێدایە. وەرە ئامێزم پشیلەی نەرم و نۆڵ. وەرە با ختوکەی لاملی حەز بدەین.

فریشتەی نازەنین! با پڕۆژەکەمان بەرجەستە بکەین... وەرە، بەرەو ڕووم وەرە، تا گڕەی هەناسەی گەرمیانیم خۆشەویستیی هێشتا مەییوت بتوێنێتەوە.

کۆلن – ... – ١– ٢٠٠١

---

(٣) پشیلەی شاری وان، ڕەنگی چاوێکیان شینە و چاوەکەی دیکەیان کەسکە. ئەم جۆرە پشیلانە بەتەنها لە شاری وان دەتوانن بژین. گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی دی دەبێتە هۆی مردنیان.

**لەکوێ بوویت!**

**لە کوێ بووم!**



هێند مونتەزری تۆ بوو، هەتا چاوی سپی بوو
نێرگس، کە لەسەر یەک قەدەم و دیدە چەقی بوو
"نالی"

دەپرسی لە کوێ بووم.

لە شەوی ژان و لە سەری ساڵیشدا کە چەرخی فەلەک دەسوڕێ لە کوێ بووم.

پێتوایە لە کوێ بووم؟ دوو پارچەی ئەم هەستەم، دوو پارچەی ئەم لەشەم لە کوێ بوون؟

پارچەیەکم:

سێڵاوی زایەندی ژنێک هات ڕاپماڵی و بەخۆڕا لوولی دا.

ژنێک پێکەوە خزاینە هەناوی یەکەوە و دووقۆڵی لە چۆمی سەری ساڵمان دا. بەهەقڕا لە تاڤگەی دوا ساڵەوە ڕژاینە ناو ساڵێکی ترەوە. ژنێک کە دارستانێکی بە وژە و بە گڤەی زایەندە. ژنێک پانتایی لەشولاری شەتاوی شێتیی شەپۆل و پڕ گێژەنی نوقم بوونە. ژنێک لە دۆڵی ڕەنگینی حەز و خولیایدا بێنی تینوبەتیم پێوە دەنێ و هەڵمدەلووشێ و لە گەرووی ئاگرینیدا سیروانی حەز و ویستێک چۆڕ بڕ دەکات.

لە ئامێزی شەپۆلانی زایەندی سەرچڵی ئەو شاژنەدا، وردە شەپۆلێکی بزێو بووم و هەر لەگەڵ ئەویشدا ڕژامە ناو ساڵی تازەوە.

پارچەیەکیشم:

وەکو هەمیشە لە لای تۆ بوو.

خولیای مەخموربیت پارچەیەک لە پێکهاتەمی ترازاندبوو.

ئەی فریشتەی نەرم و نارین! ئەی تۆ لە کوێ بویت؟

چ سەرزەمینێک ئەو هەمموو جوانییەی لە باوەش گرتبوو! چ کۆڕی سەماو



شادییەک گوڵی ئەو ڕستە پڕجۆش و خرۆشەی ڕیتمی لە یەخە دابوو!
خودایە ئەو شەوە فریشتەی خۆشەویستی، شازادەی ئەڤین لە کوێ بوو!
بەبۆن و بەرامەی سەرمەستییت، چ کێڵگەیەکت کردبوو بەگوڵجاڕ؟

ئەگریجەی زێڕینت چ گوزەرگایەکی کردبوو بەڕێگای ئاوریشم؟

چ جۆرە شەرابێکت خواردەوە. شەرابی نالی بوو یان شەرابێکی دیکەی گوڵ ڕەنگ؟

چ جۆرە جلێکت پۆشیبوو! بەکێڕا سەمات دەکرد! کەس هەبوو بتوانێ لە کەڵەپشکۆی لێوانت ئاگری سەرمەدی پێبکات! لە کوێ بوویت؟

جگەرەت دەکێشا یان گەڵای توتنێک لێوانتی ڕادەمووسی!

بەتەنها سەمات دەکرد یاخود ڕۆحی عاشقانیشت خستبووە سەما! دەبێژە لە کوێ بوویت!

لە دارستانە چڕەکانی ڕاموسان یان لەسەر لانکۆڵەی هەورانی تێکئالان!

لە کوێ بوویت نارینی گوڵهەنار! پێم بڵێ، هەواڵت نازانم. گۆرانیت دەچڕی یان گوهدار بوویت!

هەواڵت نازانم. هەواڵتم پێبدە، شاهەواڵ!

***

خەڵک حەزدەکەن لە ساباتی ئایفلدا[٤] سەری ساڵ پیرۆز بکەن. یان لە کەناری تایمزدا[٥]. یاخود لەو زۆزانانە کە سەرتاپا بەفریان پۆشیوە.

(٤) مەبەست لە بورجی ئایفلە لە شاری پاریس. ناوە فەرەنسییەکەی بەم جۆرەیە: tour eiffel

(٥) مەبەست لە ڕووباری تایمزە کە بەناو شاری لەندەندا تێدەپەڕێت. ناوە ئینگلیزییەکەی بەم جۆرەیە: themse

منیش حەزم دەکرد. لە سەری ساڵدا و لە چرکەکانی دوانزەدا دڵی کات لەلیدان بکەوتایە. لە مەیینی دەمدا، جەستەم دەمولێو بوایە، لە ترۆپکی مەمکی تۆدا هەناسەی ماچم هەڵمژییایە و لەو گژنیژەوە دەمم بنایە بەکانیی ڕەسەنی حەز و ئەوینەوە.

ئەی نەشمیلەی نەرم و نیان: حەزم دەکرد ئەو شەوە لەو لوتکە بەفرین و ئاگرینەدا بڕچێم و بمبەستیت و هەر بەوێوە ببم بە بەرجەستەی تاسە.

دەندەرلێو ١١- ١- ٢٠٠١

# جەژنی لە دایکبوون!



تا نەشئە نەچێژن لە لەبی کەوسەری ساقی
بێچارە چوزانن کە هەموو مەستی زەقوومن
"نالی"

ئەم بازاڕانەم داوە ژێر پاوە. دیارییەک کە شایستانە بچێتە دیوەخانی ئەو چەژنی لە دایکبوونە شک نابەم. بازاڕەکان خاڵین! خاڵین لە گوڵی شایستە! خاڵین لە کەمەربەندی شایستە! خاڵی لە هەموو ئەو شتانەی من بەدوایاندا وێڵم!

چ گوڵێک دەتوانێ سەرسینەی نەرمت بکاتە سەکۆی سەما؟

چ بۆنێک دەتوانێ ئیمشەو خۆی بەماڵی ئەو هەموو قشتیلەیەدا بکات.

چ دیارییەک دەتوانێ ببێتە خزمەتی جوانی و جەژنی لە دایکبوونت؟

بازاڕەکان خاڵین.

دەبێ لە مێرگولانی بەهەشتەوە پەپوولەکان بۆ خەملاندنی ئەم چەژنە بێن.

دەبێ لە کانیاوەکانی کوێستانەوە مێرووڵەی مرواربییەکان وەرێکەون.

دەبێ لە ئاسمانەوە شەوچرای ڕەنگاوڕەنگ ببارێن.

بازاڕەکان خاڵین... ئەمنیش نازانم بەدەستی خاڵی بێم؟ یان شیعرێکی نالی بدەم لە بەرۆکت؟

نازانم وەکو ڤانکۆخ بکەم؟ یان پێستم بکەم بەشاڵێک و بیدەم بەشان و ملی شلوملتدا؟ نازانم! نازانم چبکەم! چبکەم! ناکرێ و ناتوانم تۆپەڵە بەفرێکی کوێستانت بۆ بخەمە ناو پەرداخی ئەوینەوە.

یان بای وەشتێکی گەرمیانت بۆ ماڵی بکەم.

چبکەم ناتوانم.

چبکەم بۆ ئەوەی ئیمشەو جوانترین دیاری و جوانترین جەژنت بۆ بخەملێنم.



جوانترین خەملاندن ئەوەیە:

ئیمشەو ڕووتببینەوە و لەسەر مێزی جەژنە پیرۆزە وەکو مۆمەکان داگیرسێین. داگیرسێین و بگرین. بەکوڵ و پڕ بەدڵ بگرین بۆ شنەی ئەو ماچانە کە کوشتمانن. بۆ هەموو ئەو ڕوتبوونەوانەی کە هێشتا نیازی دڵ بوون سەرمانبڕین. دەبا لێرە ڕووتببینەوە. با ئەم مێزی جەژنە پیرۆزەیە بکەین بەسەکۆی ئاوێتە بوون و توانەوە لەناو یەکتردا. دەبا ڕووتببینەوە و بترنجێینە هەناوی یەکەوە.

ڕوتبوونەوەمان، تێترنجانمان، ئاوێتە بوونمان:

لەم جیهانی دوکەڵ و تەمەدا سروەی نازگ، لەم پانتایی ژاوەژاوەدا زەریای مەنگی ماچ و لەم مەیدانی پڕ لە هەڵپە و خودپەرستییەدا، سەمای ئەفسوناوی زایەند بەرجەستە دەکەن.

من بەدەم ئەم خەیالانەوە سەرمەستی دیاری و خەملاندنی تانۆپۆی جەژنی لە دایکبوونت بووم. نەمدەزانی ئەو شەوە تۆ جوانترین دیاری پێشکەش بە من دەکەیت. من نەمدەزانی جەژنی لە دایکبوونی تۆبە و تۆیش من دەخەیتە بەر ڕێژنەی بارانی دیاری.

فریشتەی ئەڤین:

جوانترین دیاری لەناو هەموو دیارییەکاندا.

جوانترین سەما لەنێو هەموو سەماکاندا.

جوانترین خواردنەوە لەناو هەموو پێکەکاندا،

ئەو سروەیە بوو کە لە ڕاڕەوی باڵەخانەکەدا هەڵیکرد. ئەو سروەیەی بەرەو ڕووی من هەڵیکرد و لەگەڵ خۆدا لوولی دام. ئەو پێکی ماچە بوو کە پێکەوە هەڵماندا. ئەو ڕامووسانە بوو کە لە باوەشی مێرگی میهرەبانییدا هەناسەت هەڵمژیم. من لەو دەمەوە کە دەمم لە پێکی ماچەکانت گیربوو، ئیدی سەرمەست و مەیزەدە بووم.

ئەوە جوانترین دیاری بوو. خۆشترین ڕامووسان بوو. دواتر دیارییەکانی من. ئەو شیعرانەی کە پێمبوون و تەنانەت خۆیشم ئەو دەم، ئێستا و ئایندەش بەرانبەر بەو ڕامووسانانە دەستەوەستان و بێ زمانین.

فریشتە... گیان بەوەیە شیعری نالیم لەگەڵدایە. دەنا چ وزەیەک هەبوو بەرانبەر بەو ماچانە لەگۆ نەکەوێ.

دەمێکە وا لەسەر پێیەک دەسوتێم
لە شەوقی تۆ بەمیسلی مۆم و هەر مام[٦].

**کۆلن ١- ٢- ٢٠٠١**

(٦) دێڕە شیعرێکی نالییە.

# کێڵگەی خۆشەویستی



دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ
دوڕێکی مونەووەر کە هەموو ئاوی سەفا بێ
خرچێکی مودەووەر، بەعەسەل ئاوی درابێ
نەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت قلەشابێ
"نالی"

(وڕێنەکانی ئەڤینداریێکی خەواڵوو)

بەتاو دەبارێم...

بەسەر کێڵگەی زێڕینی جەستەیەکدا دەبارێم... مێرگی ئەم جەستەیە لە مێرگەکانی بەهەشت دەچێ. زنەی ئەم دۆڵە لەکانیاوەکانی بەهەشت دەچێ... ئەم مێرگ و کانیاوە، مێرگ و کانیاوەکانی دوتوێی چیرۆکە پیرۆزەکانم دێننە بەرچاو...

مەمک زیوین... دەڵێی کانی گەوهەر لەم دۆڵە زێڕینەتدا هەڵکەوتووە. دۆڵی ڕەنگین و شەمامەی زێڕینت وام لێدەکەن باوەڕ بەدۆڵە ئەفسووناوییەکانی ناو حیکایەتەکان بکەم.

ئەوە منم خۆشاوی خاوی کوێستانەکان دەخۆمەوە، ئەو کوێستانانەی کە هێشتا تەم و دوکەڵی سەردەم سەری بە دارستان و بێشەکانیدا نەکردووە. ئەو کوێستانانەی کە هێشتا نەیارانی عیشق ساباتی ئۆزۆنیان کوناوەدەر نەکردوون. ئەو مرۆڤە بەهەڵپانەی کە لە عیشقدا کۆڵەوار و لە تێکئالاندا دەستەوەستانن. من ئێستا دەمم بەو کانیاوانەوە ناوە کە هەنگوینیان لەبەر دەڕوات. ئەو کانیاوانەی دەمی کۆڵەوارەکانیان بەرنەکەوتووە.

گوڵجاڕی دۆڵی ڕەنگینت، گوڵگەلی باخچە هەڵواسراوەکانم بۆ دەخەملێنن. بۆیە منیش هەموو جەستەی تاسە و تینوێتیم دەخەمە سەر مێرگ و کانیاوەکانت.

بۆیە دەتخۆمەوە... بۆیە هەڵتدەمژم.



سنوورێک لە نێواندا نییە تارێگر بێت و هەڵتنەمژم. لە نەبوونی سنووردا چەند ئاسوودەم. ئاخر کێ ئەوەندەی من نەفرەت لە سنوور دەکات. کەس بەئەندازەی من سنوور نەبووە بەتیرئەندازی جەستەی. سنوورێک نابینم. بەختەوەرم دەڵێی خەون دەبینم و سنوورێک نەبووە بەرێگر. بەختەوەرم سنوورێک نییە و ئاوێتە بووینە.

سەرمەستم لە کێڵگەی خرۆش و خۆشەویستیی تۆدا قاژەکانی گندۆرەی فیردەوسی دەلێسمەوە.

گندۆرەیەک کە بەرهەمی بارانی هەنگوینە.

گندۆرەیەک سروەی ئەڤین لە کێڵگەکانی بەهەشتەوە بنەتۆوی فڕاندووە.

کەنیشکی ڕۆح ئاسمانی. ئاسودەم و خەیاڵم بەرزەفڕ، خۆ لە وەردی کێڵگەی خۆشەویستیت وەردەدەم.

ڕۆحم خومارە، مەمکی تورتی هەنارییت لە دەستمدایە و گندۆرەی بەهەنگوین ئاودراوت لە دەممدایە.

دەندەرلێو -... - ١ - ٢٠٠١

# تاڤگەی نێرگز



چ حاجەت نێرگسی مەستت بکەم وەسفی بەمەخموری
که چاوێ سورمه کێشراوی خودایی بێ، له کل چبکا!؟
"مەحوی"

بەهاری هەشتەمی تاراوگەیە. لە ساباتی هیچ بەهارێکدا، ئەوەندەی ئەم بەهارە تاسەی نێرگزم نەکردووە. بەهارە و من خوێنم بۆ بۆنی نێرگز جمیوە. وەکو سالآنی دی نیم. وەکو بەهارەکانی دی نیم و دڵ نێرگزی لێم دەوێ. نێرگزت لە کوێ بۆ پەیدا بکەم. نێرگزت لە کوێ بۆ بێنم، ئەی دڵەی شێت و شەیدا. لەو ڕۆژەوەی لە گەشت و لە فڕینی هەمیشەیی و بێ حەسانەوەدام، لە نیمچە دوورگەی فەلسەفەوە، تاکو ئەم مەیدانە ساردوسڕەی باکوور. تا وەڵاتە شۆخەکەی ئیمپراتۆری مەزن. لە هەموو مەیدانەکانی گوڵ لامدا و سۆراخی نێرگزم کرد، بەڵام بێهودە بوو. لە نیشتمانی چیاکان و لە کەناری زەریای سپی، من هەر چاوم بۆ نێرگز دەگێڕا، هەر پرسیاریم دەکرد و هەر نەمدی. نێرگزت لەکوێ بۆ بێنم. دڵەی پڕ لە حەسرەت و بەمراز نەگەیشتوو.

... هەرگیز وەکو ئەم بەهارە تاسەی نێرگز سەرتاپای حەزی نەتەنیوم.

ئاه... کە چاوم دەگرم و نێرگزە جارم دێتەوە بەردیدە، چۆن هەست و هۆشم دەکەونە فڕین.

ئاه... لەو دیمەنە ئەفسانەییەی نێرگزەجار.

ئیشمەو بەو حەسرەت و گێژبوونەوە دەچمە ژووانی نێرگزێکی باکووری. نێرگزێک کە تاکو ئێستا نایناسم و نامناسێ. نێرگزێک بەکوردی نائاخڤێ.

نێرگزێک: بەژن زراف. چاو کەسک. زەرین و نازەنین. دەڕۆم و دەیبینم. خواردنگەیەکی ڕۆژهەڵاتی دەبێتە ساباتی ناسینمان. زۆر سەختە پردێکی خۆشەویستی لە نێوان دوو ڕەنگ و دوو دەنگ و دوو هەناسەی جودادا هەڵبەستین. ئەدی ماچ، ماچ هەمیشە هانا و داڵدە نەبووە بۆ تێگەیشتن و



پێکگەیشتن و جێنەهێشتن؟ ماچەکەمان هێدی هێدی سەمای دووقۆڵی ساز دەکەن. ماچەکانمان باوەش لە یەکتری دەدەن. ماچەکانمان ئێمە ئاسا نین. ئەوان وەکو ئێمە گرفتی فەرهەنگ ناسین و زمانزانینیان نییە. ئەوان لە پەیڤ ناگەڕێن. ماچەکانمان پردێکی ڕەنگینی نازگ لە نێوان زمانماندا هەڵدەبەستن. ئیدی لە هەناوەوە بۆ هەناو، لە ناخەوە بۆ ناخ قسان دەکەین و لێکدەگەین.

بۆن دەنێم بەلاملی تاسولووسییەوە. هەست دەکەم بۆنی نێرگزی لێدێت.

ئاه... من شێتوویتی نێرگزم. بۆنی نێرگزت لێدێ!

– نێرگز! نێرگز چەس؟
– نێرگز گوڵێکی کێوییە.
– بۆنێکی چۆنی هەس؟
– نێرگز گوڵێکە بەتەنها لە خاکی ئێمەدا دەڕوێ.

گوڵێکە وەکو ئەڤین تەمەن کورت. گوڵێکە سەرمەستکەر.

کە ماچت دەکەم چاوی سەرخۆشیت با ڕێشکەوپێشکە نەکات و تەماشای ڕوخسارم بکە، جا دەزانی نێرگز چ بۆنێکی ئەفسوناوی هەس.

***

شنەی ماچ نێرگزە جاڕێکی خستۆتە کەرویشکە. لەناو بۆن و بەرامەی نێرگزە جاڕدا سەرخۆش بووین و نازانین کاممان ئەو بڕیارەمان داوە کە بەرەو مەنزڵی تەنیام وەڕێکەوین. لەبەردەم ماڵە تەنیا باڵەکەمدا ڕوو دەکەمە ماچەکانی و ئەم ڕازانەی بەگوێدا دەچرپێنم:

وەرە ژووری تەنیا و تاراوگەم بتەنە بەبۆنەوبەرامەی نێرگزییت. دەستم دامانت وەرە لە ئینجانەی جەستەمدا بڕوێرەوە. وەرە دەروونم بتەنە. وەرە نێرگزی بزێو مەستم بکە. وەرە چۆن دەستی وەرزێر مامەڵە لەتەک خاکدا دەکات، بەو جۆرە دەست بخەینە کێڵگەی لەشی یەکدییەوە.

***

دێتەوە ژوورەکەم. درەنگی شەو دێتە ناو دۆشەک و ناو پەتووی تەنیا باڵ. ژوورەکەم بچووکە و ئەویش نێرگزە جاڕێکە لە جوانی و نیانی.

تاڤگەیەک لە جوانی و تاڤگەیەک لە بۆنی زەریایی دەڕژێتە ژوورەوە و نوقمم دەکات. لەنێو نێرگزە جاڕدا دەکەومە شێتەمەلە. لەنێو زەریایەک لە جوانی و باوەشی کەژێک لە بۆندا جۆلانە دەکەین و تا بەری بەیان ڕانازێین.

زەردەپەڕ، بەدەم بادی بەیانەوە بەرچاوم ڕووندەبێتەوە. بڕوا بەچاوانم ناکەم و هەڵیاندەگلۆفم، خودایە خەو نینە و ڕاستییە...

لە کەنار نێرگزە جاڕێکەوە ڕاکشاوم بەزمانێک کە زۆر دوورە لە زمانی گوڵی کێویلەیی، نێرگزی ئەفسانەیی بەیانی باشم لێ دەکات.

**٢٨ - ٣ - ٢٠٠١**

# بەفراوان



له ئەحبابی قەدیمی بەزمی ئولفەت ماوەتن دووتەن
یەکێ پەروانە هەم دەردە، یەکێ بولبول کە هەم فەردە
لە دەورمدا حەسار: ئافەت، لەسەر سەر خەیمە: دوودی ئاه
لەسایەی عیشقەوە بوومە شەهی ساحێب سەرا پەردە.
"مەحوی"

لە باڵکۆنی باڵەخانەیەکی بەشکۆدا، باوەشمان بەیەکدا کردووە، باوەشمان لە یەکداوە و دووباسکی یەک باڵندەی پڕ ئارەزوومان لێڕواوە. باڵندەیەک لە هەڕەتی جۆش و خرۆشدایە.

پێیدەڵێم: چاوت بگرە، چاو دەگرێ و دەستی دەگرم.

دەڵێم: بفڕە. بەرەو ئەو کوێستانانەی بەتەنها بە چیاکانیدا هەڵگەڕام. بابفڕین، بەسەر ئەو لوتکانەدا بفڕین کە هەمیشە کراسی ئاودامانی بەفریان پۆشیوە. با بەناو شنەی ئەو ئاوازانەدا بفڕین کە لە هاژەی بەفراوانی کوێستانەوە سەرچاوە دەگرن.

چاوت بنوقێنە، چاو مەکەوە، با بۆ چەند ساتێک بگەڕێینەوە جەنگەڵ. ئەو جەنگەڵانەی کە خۆشەویستییان تێدا وەکو سروشت پاکژ بوو. ئەو جەنگەڵانەی کە مرۆڤەکانی ڕووت بوون و کەسیشیان پەلاماری ئەوی دی نەدەدا.

بابفڕین بەرەو ئامێزی ئەو سروشتەی کە هێشتا جێ پێی گلۆبالیزمی لەسەر شین نەبووە.

بابفڕین... با بڕۆین و گوهداری ئەو خوڕەی ئاوانە بکەین کە هێشتا ئەوانی دی گوێیان لێنەبووە.

با لە کێڵگەکاندا سەرمەستی سەمای زایەندی بەئەڤین جۆشدراو بین، سەمایەک کە هێشتا ئەوانی دی نەیانکردووە. با بۆنی بوخوردی ئەو نەوالانە دەروونی حەز و تاسەمان بتەنن، ئەو بۆن و بەرامانەی کە هێشتا



کەس نازانێ بۆنیان چۆنە.

چاوت مەکەوە... با بۆ چەند ساتێک دیمەنەکانی دزێوی ئەم ئاواییە پڕ لە دووکەڵ و هەڵمە نەبینی.

چاوت مەکەوە... من ناخوازم چاوی پڕ پرشنگ و ئەستێرە ئاسات دیمەنە دزێوەکان ببینن.

چاوت بنوقێنە... دەچین لەسەر تاوێرێک لە تاوێرەکانی کوێستان ئاوێزانی یەک دەبین.

ئەو تاوێرانە کە جگە لە سەمای پەپوولەکان، جگە لە گڤە و وژەی با و دەنگی هەوران، هاوڕێیەتی هیچی دیکەیان نەکردووە.

ئەو تاوێرانە تا ئێستا بەنوێژی ئەڤینەوەن و دەتوانین لە باوەشیاندا ڕووت و قووت ئاوێزانی یەکدی ببین.

با لەوێ ڕووت ببینەوە... ڕووت و تازی، بچینە پێستی یەکەوە. دوو ئاوانی ختوکەمان بڕژێنە یەک چەمەوە.

چەمێک کە سەدان تاڤگەی تام و چێژ ڕۆکاتە پانتایی جەستەوە.

دەفڕین لەوێ تازی دەبین. ڕووت و پەتی وەکو ئەو ڕۆژەی لە دایک بووین و ئابڕوویشمان نەچوو. ڕووت و قووت، بەڵام وەکو درەختی پاییز نا، درەختێکین کە ماچ و ڕامووسانی لێدەوەریت. خۆمان بەخاک و خۆمان بە تروشکە دەشۆین. چەند جوانە! یەکەمجارە تامی ماچ و تامی تروشکە لێکدەدەم. چەند خۆشە ماچێک تامی تروشکەی کوێستانەکەمی لێبێت...

خەیاڵم بزێوە و کەوی ناکرێ. خەیاڵم بازێکە هەردووکمان دەبات و لە دوندی شاخەکەی ناو دەربەند داماندەگرێ. ڕووت دەبینەوە.

تەماشا دەکەم، پێشم چۆڵە. ئاوڕ لە دواوە دەدەمەوە جگە لە خشەی گەڵاکان، جگە لە سەمای گیایەکان شتی دیکە نییە؟

خەیاڵم بزێوە و دیسانەوە دەچێتەوە ئامێزی وروژان. دیسانەوە دەچێتەوە باوەشی خرۆشان. دەچێتەوە هەواری بەفراوانی کانیگەلی ناو دەربەند، ئەو شوێنەی باپیرم دێنێتەوە بیرم. باپیرم لە چلەی هاوینێکی بەگڕەدا دەروونی دەسووتا و بەدەم وڕێنەوە داوای بەفراوی ئەو کانیانەی دەکرد، باپیرم لە تینوێتی تاسە و حەسرەتێکدا بەفراوی دەربەندی دەخواست. تاسە و حەسرەتێکی ئەوەندە پڕ گڕە کە هەر بە بەفراوی ئەو کانیلانە دادەمرکایەوە. دەوروبەر تا ئەو دەمە نەیاندەزانی کانیاوەکانی ناو دەربەند لە چلەی هاوینیشدا هەمیشە بەفراون. تا نەچوون و لەوێوە بەفراویان بۆ نەهێنا، نە ئەو تینوێتی شکا و نە ئەوانیش باوەڕیان بەبوونی بەفراوان دەکرد.

منیش بەفراوم دەوێ. بەفراوێک جیاواز لەوەی باپیرم ویستی. من بەفراوی ئەو دوندی مەمکانەم دەوێ و دەمەوێ هەر لەو دوندەیشدا وڕکگرتنی تاسە ژێربکەمەوە. بەفراوم دەوێ و دەمەوێ جارێکی دیش لە کورایی بەفراواندا جۆش بدرێمەوە.

بەفراو دەخۆمەوە. مەست و مەدهۆش دەبم. باوەشت پێدادەکەم. باوەشمان مێرگێکە بەباوەش پەپوولەی زایەندی لێوە هەڵدەفڕێ.

بابفڕین، لێرەوە بەرەو ماڵی ئێمە بفڕین. بەرەو ئەو شارە بفڕین کە تاکە جارێکیش نەمتوانی کچە ئەسمەری دەزگیرانمی لێ ماچ بکەم. چەند بەهیوا بووم یەکێک لە شۆستە شکاوەکانی شارەکەم بکەم بەسەکۆی تێکئالآن.



له بەژنی نێرگزی ئەو کچە بئاڵێم و کەسیش خێسەمان لێنەکات. دەم بنێمە ناو زنەی دەمیەوە و کەسیش وەڕسمان نەکات.

چەندم خولیا بوو ئەو کچەم ماچ بکردایە. ئەو کچەی کە گەرەکی بوو لە بەهاری تێکخزاندا، لە مانگەشەوێکدا کە دەکشێینە ناو یەکەوە، کانی پڕ جۆش و خرۆش بتەقێ، بەڵام مەخابن نەدەکرا.

– بۆ نەدەکرا!؟

– .........

دەچینەوە ماڵ. دەچینەوە ئەو ژوورەی کە براکان لەوێ زاوا بوون. براکان لەوێ بەنهێنی فەرزی ماچەکانیان بەجێدەهێنا.

ڕووت تێکدەم. تەماشای چاوانت دەکەم پڕن لە ڕەنگی ئاسمانی. تژەن لە میهری خودایی.

– بەختەوەرەم کە تۆ یەکەم کەنیشکی لەم ژوورەدا ماچت دەکەم و تێتدەئاڵێم. دەستی دایکم نەبێ، لەم ژوورەدا هیچ شتێکی دیم ماچ نەکردووە.

– باوەڕت پێدەکەم، بەڵام سەیرە!

– .........

بابچینە دەرەوە، لەم ژوورەدا ناتوانین بەڕۆژ ئاوێتە بین.

ئەم ژوورە ڕێسای تایبەتی خۆی هەس. ڕێسای زایەندی ئەم ژوورە لە هیچ بستە خاکێکی دی مینای نییە بە تەنها شەوێ دەشێ ئاوێتە بین. شەوێ بەتاریکی و بەبێ چرپە. بەبێ ترپە و بەبێ خورپە، ئاوێتە دەبین. ئەو شەوە شەوێکی پێکگەیشتن و چووە ناویەکی وەهایە کە لە هەموو شەوەکانی دیکەی وەسڵ جودایە.

ئیمشەو بەپەتوی زایەند جەستەی حەز و ویستی یەکدی دادەپۆشین. داپۆشینێک کە هیچ کوێمان بە دەشتەوە نەبێت.

شەوێ دوو لێوی نارنجیی تۆ. دوو لێوی یاقووتیی مێرگولانت،

دوو لێوی پڕ تاسەی من، شەش لێوی پڕ خولیا ئۆپێرای تێکڕژان دەلەیزن.

لێومژینی تۆ موچوڕکە بەرۆحدا دەهێنێ.

سابێ ئیمشەو سەمای موچوڕکە ساز بکەین. سابێ ئیمشەو ڕۆحم



کەمەندکێشی ناو جەنگەڵستانی چڕی زایەند بکە...

ئیمشەو ئامێری ئاسمانی تۆ و ئارشەی بزێوی من، دێ جوانترین سۆلۆی ئەڤین بژەنن.

***

ئەو دیوە بەجێدەهێلین و دێینە هەیوانەکە. ئەو هەیوانەی کە زۆرینەی شەوەکانی خۆمم تێدا بەسەر بردووە. بەدەم تێکئاڵانەوە دێینە هەیوانەکە. بۆ من لێرە تامێکی دیکەت هەس. نامەوێ تاکە یەک چرکە لێک بترازێین. لە هەیوانەکەدا وێنەکەی باوکم دەبینم.

شەرمێک دامدەگرێ. بزەیەک دەکەوێتە سەر سیما نورانییەکەی باوکم:

– شەرم مەکە، ڕاموسان یەکێک لە ئەرکە پیرۆزەکانی خوداییە. باوکم دەتبینێ کە کراسی ئاودامانی پەلکەزێرینەت پۆشیوە. لە چوارچێوەکە دێتە دەرێ. بەزاری شیرینی دەماندوێنێ. دەستمان لە مل دەکات. ناوچەوانی تۆ ماچ دەکات. باوکم بەرماڵێکی ئاوریشمینی بەشانەوەیە. پێکەوە دەچینە دەرێ. دەچینە حەوشەکە. دەمی عەسرە چایە. حەوشە گڵێنەکە ئاوەڕشێن کراوە. بۆنێکی سەرمەستکەری دوای ئاوەڕشێن مێژی دەتەنێ. ئەوە بۆنێکە کە دوای ئاوپرژێنی دەمەو عەسر بەتەنها لە خاکوخۆڵی ئێمە هەڵدەستێ. بۆنێکە کە زایەند و ئەڤین هەوێنیەتی. تا هەستی بۆنکردن پرکێش بکات بۆن بەو خاکەوە دەنێت. منیش بۆن بە لاجانگی تۆوە دەنێم. چ بۆنێکە، بەمێشکرا دەدوێت.

سێ قوڵی دادەنیشین. لەگەڵ باوکمدا ڕودەنێین... لە سای دار هەنجیرەکەدا ڕودەنێین. چ دانیشتنێکی پڕ شەوقە.

باوکم پێمان دەڵێ:

ئەگەر خودای گەورە کردتانی بەدایک و باب، خۆم دەسترازە بۆ مندالّتان دەچنم.

( تۆ دەزانی دەستەرازە چییە؟ لە کن ئێوە دەستەرازە نییە. لە لای ئێمە منداڵی ساوا لە بێشکەدا بەدەستەرازە گرێ دەدەن. باوکم لە چنینی دەسترازەدا دەستڕەنگینە. دەسترازەی ئێمە و هەموو کوڕەزا و کچەزاکانی بەدەستی خۆی چنیووە. )

باوکم هەڵدەستێ بەرماڵەکەی ڕادەخات و دەست دەکات بەنوێژکردن، بەر لە تەواوکردنی نوێژەکەی باوکم دەبێت بەچەپکێک نوری ڕەنگین و هەڵدەکشێ. من ئەو دیمەنە سەرسامم دەکات و دۆشدادەمێنم. وڕو کاس، تاس دەمباتەوە و هەموو بزاڤێکم لە کن دەمەیێ. پیاڵەیەک چای گەرمم بەدەستەوەیە، دەکەوێتە خوارەوە، دەشکێ و دادەچڵەکێم.

دوای ئەوەی دێمەوە سەرخۆم... دەبینم لە باڵکۆنەکەداین. بەسەر یەکدا دادەچۆڕێین. بەسەر یەکدا دەتوێینەوە. دەتوێینەوە و دڵۆپ دڵۆپ دەچکێینە یەکدیەوە.

لەگەڵ ئەو خەرمانی گوڵەدا بەسەر یەکدا دەچەمێینەوە. پەلکەزێڕینەیەک بەئاسمانی ئەڤین دا دەکشێ.

دەبینم هێشتا لە باڵکۆنەکەداین.سەرنجدەدەم:

دڵت بووە بەماڵم و

بۆ خۆیشت بەنیشتمانم.

دەندەرلێو – ناوەڕاستی ٢ – ٢٠٠١

# بۆلێڵ و ئاوێتەبوون



ئیمشەو هەم دیسان  دەروون پڕ خەمەن
ئەسـاسـەی مـاتەم جـە لامـان جـەمـەن
شـریخـە و گـرمـەی هەور دووریی دۆس
وە فـەنا بەردەن مـەغـز و ڕەگ و پۆس
مەولەوی

چ بولێلێکی ناحەزە...

چەند سـاردە، ئەم ئێـوارەیە هەوا چەند تیـژە، بارنی ئەڤـینە و مـاچی گەرموگوڕی سەرلێوم ڕادەماڵێت.

بەتەنها منم کە هەموو جەستەم خزاندۆتە ناو پاڵتۆکەمەوە، بۆ ئەوەندەم سـەرمـایە؟ هەوای تیـژ هەوێنی هەڵلەرزینـمە یاخـود تەنیـایی؟ لەم شـەوی یەڵدایەدا تەنیام و موغی بێ ئاگرم.

ئەی بۆ ئـەوانی دی سـەرمـایان نیـیـە؟ ئەوان خـۆیان داوەتە پەنای مـاچ، کوانوویەکی چ گەرمە پەنای ماچ.

ئەم ئێوارەیە، ئێوارەی گۆشەگیرییە. گۆشەگیریی خەڵوەتی ماچ.

لە شیلدەرگاسە[7] بای باڵدەدەم. بەناو شەپۆلانی ڕووناکیی ئەو شەقامە چل چرایەدا هەنگاو دەنێم.

شـەقـام، ڕووناکی و ژنـەکـانـی ئـەم شـارە بۆنی جـەژن و شـەوی ژانیـان[8] گرتووە.

ئەوان بەجووتە و بەکۆمەڵ لە پێشوازیکردن و ماچبارانی شەوی ژاندان.

ئەوان گەرەکیانە شەوی ژان پیرۆز بکەن.

دەیانەوێ گەورەترین جەژنی ساڵ ماچباران بکەن.

---

(٧) شـەقامـێکی فراوان و دڵگیری شاری کۆڵنە (ئەڵمانیا) کە گوزەرگای ڕێبوارانە و ماشێنی پێدا دەرباز نابێت.

(٨) شەوی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح.



منیش دەمەوێ لە تەکیاندا بچم و لە ماچبارانی شەوی ژان بژیم.

ڕوویان تێکدەم و دەڵێم:

بەجێم مەهێڵن... لە تەکتاندا دێم.

کەسێک نییە گوهداری هاوارم بکات. گوهداری ناکەن یان ئەم ئاوازەیان پێ نامۆیە؟

مەڕۆن دەمەوێ ئیمشەو بەتەنیا نەبم...

ئیمشەو هەموو یادگارییەکانی وەڵاتی نێرگز و نارەوەن لە دەرگام دەدەن.

مەڕۆن ئیـمشـەو غـەریبێکم کە (غـوربەتم بووە بە ئەوتان)[9] وەکو یالی سیماتان، با پێدەشتی دەرونیشتان بۆنی میهرەبانی لێبێت.

ڕەنگبێ جەستـەیەکی نامۆ و دەنگێکی جودا بم بۆتان. بەڵام ڕسـتـەیەکی ناساز نابم لەپێکهاتەی نۆتەی شەوی ماچبارانتاندا.

ئاخر منیش دەزانم ماچ بکەم.

منیش دەتوانم لەبەر بارانی ماچدا بسووتێم.

منیش دکارم لە کورەی ماچدا بتوێمەوە.

منیش دەشێم وەکو هەرەسی کێو ئاوێتەی لاڤینێی ماچتان ببم.

لە بوار یان لە نێرینەی ئەو ڕووباری مـاچانەم بدەن، ئەگەر دەرباز نەبووم، خۆم ئەو قوربانیی خنکاندنە پەسەند دەکەم.

... نامبەن؟

نامبەن و بەجێم دەهێڵن.

خودایە دەمبینی؟ ببینە چۆن ئەم ماچە دڵڕەقانە مـاچێکی گـەرم و گوڕی سەرهەڵگرتووی وەڵاتی بەفر بەجێدەهێڵن.

***

---

(٩) (غـەریبی غـوربەتی کـردم بەئەوتان/ سـەراپا ئەرزی لێکـردووم بەزیندان) حـاجی قادری کۆیی.

وەکو پشیلەیەک کە بەهەنگاوی گورجوگۆڵ ڕێبکات، ڕێدەکەم و سەرنج لە هەموو ئەو چراخان و کۆگایانە لوتەلایە. ئەو دیمەنانە هیچیان وەکو کەرویشکەی پرچی کچان نیگام لە کن خۆ گل نادەنەوە.

ئەو دڵڕەقانەیش داڵدەی ماچەکانم نادەن و لەم بەر بارِن و کرێوەیەدا جێیان دەهێڵن.

ئەوان نازانن ماچەکانم وەکو خۆم سەرمابردەڵە نین. ئەوان نازانن ماچەکانم چەند گەرم و گوڕن.

حەیفێ نازانن... نازانن کە ماچەکانم دەتوانن لەمبەر سەرما و بارِنەیشدا.

نەک هەر کەسیرە نەبن، بەڵکو شێتانە سەما بکەن و خۆ بۆ پێشوازی کەنیشکێکی گەرم، گەرمتر لە ماچەکانم ئامادە بکەن.

کەنیشکێک کە لە وەڵاتی بەفر و نێرگزەوە دێت و لە هێلانەی ئامێزدا دەگیرسێتەوە.

ئاخ کەنیشکەکەی وەڵاتی بەفر،

ئاخ لەم شەوی یەڵدای بێ تۆییە...

هەر دەڕۆم هەر بەرێوەم... شیلدەرگاسەم دەمێکە بەجێهێشتووە.

دێمەوە ماڵ... ماڵێکی تەنیای ڕەق و تەق لە ئامێزی تەنیاییم دەنێ.

تەنیاییم ماڵەکە دەتەنێ. لە چاوتروکاندنێکدا ماڵەکە لەناو لەپی تەنیاییمدا خپ دەبێ.

تەنیایی... خامۆشی.

***

زەنگی تەلەفۆن زەریای تەنیایی دەشڵەقێنێ...

ئای لەو زەنگە ناوازە:



– ئەوا دێم. بەرەو تۆ دێم.

خودایە چ دیارییەکی ئاسمانییە؟ چ فریشتەیەکی دڵڤینە و بەهانامەوە دێت؟

دێت... دەگاتە جێ. ئەو، من و ماچەکانمان باوەش لە یەکتر دەدەین.

دێت... دەگاتە جێ. ئەو، من و خۆشەویستیی ماڵە تەنیاکە دەکەین بەئەوینستان.

ئەوینستانێک تا چاو بڕکات تژەیە لە پەپوولەی ڕامووسان.

ئەوینستانێک ئاسمانی ئاوسە بەرێژنەی ماچ و زەویشی زگپڕ بەتێکئالان.

چ تێکئالانێکە... دەڵێی درەختی مووتربەکراوین.

چ درەختێکە... دوو جەستەی مووتوربەکراو و یەکجۆری میوە:

سێوەلاسورەی ماچ.

***



له چاوتروکانی لێکبوونەوەیەکدا، له ئەنجامی
مەستبوون بەسێوەلاسورەی ماچ، چرپاندم بەگوێیدا:

– سوپاس، جگە لە مەستبوون و ونبوون لە سێلاوی ماچدا، ئەوشۆ لە ئەشکەوتی تەنیایی پڕخۆرە دەرتهێنام. سوپاس ئەی ژنە دڵڤینەکە. من بەرەو شوێنێکی نادیاری ناڕۆشن دەخلیسکام.[١٠]

– سوپاس؟ لە مێرگی تێکئالاندا بەکارهێنانی سوپاسم لەکن سەیرە. ئەم تێکئالان و مووتوربەبوونە بەسوپاس خولک ناکرێن. تێکئالان دیاریی خوداوەندەکانە. خۆشەویستی تاڤگەیەکی ئاسمانییە دەڕژێتە نەوالی دەرونمانەوە.

بەچاو ئاماژە بەخۆ ڕەخنەکردن دەکەم.

دیسانەوە تێکدەئالێینەوە. تێکئالانێک کە ئەمجارەیان هەردووکمان پێکەوە ون دەبین. لە یەکتردا ون دەبین.

بەسەر یەکدا دەتوێینەوە و یەک درەختی خۆشەویستی دەخەملێنین.

درەختێک وەکو شاتوویەکی بەردار، زێدەتر لە گەڵا، لە گەڵا زۆر زێدەتر.

ماچی ڕەنگاو ڕەنگی گرتووە.

کۆڵن – کۆتایی ١٢ – ٢٠٠٠

---

(١٠) ئەڵمانەکان لە پیرۆزبایی بەر لە ساڵی نوێدا بەیەکتر دەڵێن: خلیسکاندنێکی باش (einen guten rutsch) دیارە مەبەستیان لەوە هیوای خۆشگوزەرانی و شادییە لە ساڵی ئایندەدا.

# دەسەڵاتی خەیاڵ



وەرە با ئاگـــرێکی وەســـڵی خـــۆمـــان
بخـەینە قـاوی عـومـری دوشمنی دین.
لەگـەڵ مـــورغی چەمـــەن نالی دەناڵێ
کە یەعنی عاشق و هەم فەرد و فەردین.
"نالی"

کـــات نیـــوەشـــەوە... بێ ئۆقـــرە، بێ هەدا، بەدەم ســـەمـــای ســـەرتاپا سەرمەستییەوە هاتینە دەرێ.

لە باوەشی خاکەوە دەستمان پێکرد، لە مانگەشەوێکی ئەفسوناوی ئەو دەڤەرە دڵگیرەدا.

لە کەنار شەقامی شیر (١١)، ساباتمان ڕەزی ئەستێران بوو. هێشووی ئەستێران شایەتن چ ئەڤینێکی خوداییمان کرد. بێ ئاوێتەبوون. بێ ئاوێتەبوون لەناو کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەدا تلماندەدا.

وردە وردە ڕووت بووینەوە. بەدەم خەیاڵ و قسەی پڕ ئاڵۆشەوە کە خۆشەویستی لێدەچۆرا ڕووت بووینەوە.

(کە دێیتەوە، وا هەست دەکەم لەناو چارۆکەی شەپۆلاندا ڕامدەژەنن.

عەودالی پەیڤێکم دەست بەبالی خۆشیمەوە بگرێت.

پەیڤێک ڕاڤە لە خۆشی و سەرخۆشیی جوتبوونمان بکات. جووتبوونی لێوانلێو لە ئەڤین).

لە ئامێزی خاکوخۆڵدا لێکدەئاڵێین. ئاوێتە دەبین.

چاوم دەنوقێنم. لەسەر داخوازیی تۆ چاوم دەگرم. چاوم دەگرم و دەمفڕێنی. بەدەم تێکئالانەوە. بەدەم ئاوێتەبوون و بەدەم خلیسکانە ناو یەکترەوە، دەفڕین.

(١١) بەزمانی ئەڵمانی بەڕێگای کاکێشان دەڵێن: شەقامی شیر (milchstrasse).



دەفڕین و لە پانتایی فراوانی خەیاڵدا، لە جێگەیەک لەنگەر دەگرین کە خاکوخۆڵی قەڵای شارەکەم تانوپۆیەتی. ئەوەندەم بۆ باس کردوویت وەکو جێگەکەت پێ ئاشنا بێت و وەکو بزانیت لێرە سەرمەستترم، گەرمتر دەمخۆیتەوە. منیش تاسەدارتر دەتخۆم. یەکتر دەلێسینەوە و گوهداری ئاهەکانم دەکەیت. تێدەگەیت و دەزانی ئاهەکانم چ کسپە و چ داخێکیان لێدەتکێ:

– چەندم حەز دەکرد ئا لێرەدا تاکە جارێک ئەو کەنیشکە ئەسمەرەم ماچ بکردایە کە یەکمان خۆشدەویست!

– بۆ نەتانکرد؟ نەدەکرا؟

– نا نەدەکرا. مەحاڵ بوو.

ڕووت و قووتین. بووین بەیەک جەستە و خۆمان لە دامێنی قەڵاکە هەڵدەسووین. حەزی پڕ خرۆشی بێسنوورمان لەناو پەلکەگیاکاندا خۆ دەگەوزێنن. بووین بەیەک جەستە و تل دەخۆین.

تاڵەکانی کازیوە سەرەتاتکێمان لە تەکدا دەکەن.

لە خوارەوە هێدی هێدی دەمانبینن.

ئیدی بەتەنها هەر دەنگی پڕ کسپە ناچێتە گوێیان.

ئیدی لە خوارەوە دوو جەستەی شێت و تامەزرۆ دەبینن.

دەبینن دوو جەستەی پەتی بەسەریەکدا تواونەتەوە و بەم بەری بەیانە قریوەی خرۆش هەناوی هەژاندوون.

هێزێک لە خوارەوە دەورەمان دەتەنێ. لێ ئێمە بەردەوامین. بەردەوامین و یەکدی دەخۆین.

لێوانی سەر و لێوانی خوارێ دێنە مژین و بێ ئاگام.

هێزێک لە خوارەوە دەورەمان دەتەنێ. هێزێک لە خوارەوە تادێ پڕ ژاوەژاوتر دەبێت.

نازانم لە بان مەقانەوە هاتوون یاخود لە ئاوی ڕەشەوە سەرچاوەیان گرتووە و وەکو لافاوی شارەکەم تەنگمان پێهەڵدەچنن. نازانم...

ورده ورده بۆمان دێن. دەیانەوێ دەسگیرمان بکەن. دەمانەوێ خۆمان لەبەربکەین. کەچی دواتر دەزانم کە ئێمە ڕووت و قووت بەرەو ئەم ئامێزە فڕیوین.

پێیدەڵێم:

دەزانی ئێمە ماڵمان لێرەیە.

وەرە باخۆمان هەڵدەینە خوارەوە بۆ ماڵی خۆمان.

وەرە خۆمان فڕێدەدەینە ئەو ماڵەوە کەمنی لێگەورە بووم.

هەنگاو دەنێین و دەگەینە ئەو جێگەیەی کە خۆمان هەڵدەینە خوارەوە.

پێمان دەڵێن:

ناتوانن خۆتان باوێژنە ئەم ماڵەوە. کەسێک ئاماژەمان بۆ دەکات کە نایناسم و هەرگیز نەمبینیوە. دەزانم کە ئیتر ئەو ماڵە ماڵی ئێمە نییە. ئەوانیش ورده ورده هەر دێن. بەڕاستی دەیانەوێ بەچنگی ترسناکیان بمانگرن. چ چنگێکە، هەر چنگێک و سەدان پەنجەی پێوەیە. یەکێک لەو چنگانە پەلامارمان دەدات. من دادەچڵەکێم و ڕادەچڵەکێم. چۆن ڕاچڵەکینێک...!

ڕادەچەنم و تەماشا دەکەم، لە ئامێزی زایەندێکی ئارامدام.

تەزووی حەز بەسەرتاپامدا مێرووله دەکات.

ئاهێکی ئاسودەیی هەڵدەمژم و دەیدەمەوە.

تەماشا دەکەم...

لە ئامێزی خاکو خۆڵداین. هێشووی ئەستێران ڕۆیشتوون.

هەر لەناو کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەداین. ڕۆژبۆتەوە. ئێستا دەزانم دوێ شەو



لێرەدا خەو زەفەری پێبردبووین.

پرشنگی تیرێژ ساباتێکی زیوینی بەسەر دۆڵەکەدا ساز کردووە.

چۆڵەکەکان دەجریوێنن.

ئێمە و گوڵەبەڕۆژەکان یەک ئاراستەی بینینمان وەرگرتووە.

شنەبا خۆی لە دەشتی دەروون هەڵدەسوێ. گەڵاکان دەشنێنەوە.

گوڵی گۆی مەمک بەدەم بادی سەباوە گەش گەش هەڵگەڕاوە.

ئەو هێشتا لە باوەشی خەوێکی کورتدایە من دیسانەوە دەم دەنێم بەگوڵی مەمانییەوە.

ئەویش بەچاوی نوقاو و بەدڵی وازەوە هێدی هێدی دەست لە ملم دەئاڵێنێ.

کۆڵن - ٢١ - ١ - ٢٠٠١

# پەپوولە



ئـەو نـەهـاتـن: دەردە، داغـی ئـەو نـەهـاتـن: دەردەهـا
کـەس بەدەردی من نەچێ، وەک من نەبێ تووشی نەهات.
"مەحوی"

ئەو دۆڵە ببینە چلۆن خەملیوە.

ئەو دۆڵە ببینە چلۆن ڕەنگی فیردەوسی گرتووە.

ئەستێرەکان دەڵێی چاوبازەن.

مـانگ دەربەند و نەواڵەکـانی تژە کـردووە، کـردوونی بە چۆمـاوی پڕ شەپۆلی تریفە.

ئاوازی سروشت تاڤگەیەک نۆتەی ڕەنگینە و دەڕژێتە دەروونەوە.

گوڵئەستێرە دێن و دەچن. لەم سرووشتە بەهەشتییەوە، تۆ خولیات تەنگی پێهەڵچنیوویت. خولیات ئەوی لێتدەوێ. بێ ئەو، ئەم سرووشتە لەنگەری خرۆشت ڕاناگرێ. تۆ ئەوت دەوێت و تریفە و چاوبرکێی ئەستێران حەزی کێویت زەوت ناکەن.

لێرەوە سنووری خەیاڵ دەبەزێنیت. خەیاڵیش ئەسپێکی چەند بزێوە، ئەگەر جڵەوی بۆ شل بکەیت چ دەشتێکی فراوانت پێ تەی دەکات.

وا دەزانم تۆ کرنوش بۆ خەرمانە و جریوەی ئەستێران دەبەیت. کەچی وانییە و خەیاڵ ئەوت بۆ دێنێ.

مینا ئەستێرەیەک، هاوشێوەی چەپکێک تریفە، دڵخوازت بۆ بەردەبێتەوە. بۆت دەبارێ، خوناوی خەرمانەت بەسەردا دەبارێ.

بەسەرتا دەبارێ و دەڕژێتە باوەشتەوە. باوەشت دەبێت بەدەربەندۆکەیەکی لێوانلێو لە جوانی و نیانی.

مێرگێک پڕ لەپەپوولە.

- پەپوولە لە هەناوی چ گوڵێکی کێویدا بوویت؟



سەرەتا، بۆ دەمێکی درێژ ڕامانێکی کورت تۆ شڕ دەکات.

دەتەوێ بیگری و ڕاموسی. بەڵام بێهودەیە.

چەپکێ تریفەیە و دەستگیر ناکرێ.

ماسیە و لە دەست دەترازێ.

هەموو جەستەت دەبێت بەپەیکەری حەسرەت و بێ مرازی.

نکاری پڕ بەدەروون بینی پێوە بنێیت و ئەو سروە هێنکە هەڵبمژیت. نکاری.

گوهدارم بەچرپە قسان دەکەیت:

- بۆ هاتیت و بۆ ئاوێتەم نابیت!

- لەگەڵ خوناواندا هاتم. ویستم ئامێزی گوڵان بێن بەماڵم.

تۆ دەزانی دەستگیرت نابێ، جا دەست بەگریانێکی بە کوڵ دەکەیت.

گریانێک، کە دڵۆپەکانی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن.

گریانێک کە تۆ پێی دەتوێیتەوە و ئەویش، لە تەنیشتەوە گوڵئاسا گەش گەش دەکرێتەوە و هێدی هێدی نیانی پێ باڵا دەکات.

تۆسکانا - سەرەتای ٦ - ٢٠٠١

# ئەو شەوەی پەریی ئەڤین دەستمانی لێنەوەشاند!



ئەی پەریزادەی مەهابادی ئەتۆ ون بووی لە من
تۆم هەبی، کەی من پەریزادە و پەریی چینم دەوێ
"هێمن"

ئاخر چ دەبوو ئەو شەوە پەریی ئەڤین دەستمانی لێبوەشاندایە!
ئاخر بۆچ بەو نیوەشەوە پەریی ئەڤین دەستمانی لێنەوەشاند!
خۆ دەڵێن پەریی ئەڤین لە ئاوی زەریاکان و لە کورایی ئاسماندا دەژی،
ئەو شەوە ڕایەخمان زەریا و ساباتمان ڕەزی ستێرکان بوو.
ئەدی بۆچ ئەو شەوە پەریی ئەڤین نەهات!؟
ئەگەر ئەو شەوە لە کەنار ئەو زەریایەدا شەرم ڕێگەی پێنەگرتینایە،
کە شەرم ڕێگەی پێگرتین ئێمە خۆمان بەدەستەوە نەدایە.
یان، ئەگەر پەریی ئەڤین غلمانی بکردایەوە بۆ ناو دۆڵی خۆشەویستی،
ئەوا، ئەو شەوە ئەستێرەکان ئاوا بێدەنگ نەدەبوون...
مانگ تریفەی خۆی نەدەپێچایەوە...
ئەگەر ئەو شەوە تۆ و من کنجمان لە خۆ داماڵیبا،
ئەگەر ڕووت و پەتی، بەبێ دەمامکی جل و مل بچووینایە ئامێزی زەریای ئەڤین،
ئەستێرەکان ئاوا تەوەللا نەدەبوون...
ئەستێرەکان لە ڕووناکی ئاوەدانییەکان ناترسن،
ئەستێرەکان بێ باکانە سەما دەکەن.
ئەو شەوە، ئەگەر شەرم نەبوایە بە بەربەست لە بەردەم خۆشاوی حەزماندا،
ئەگەر شەرم نەبوایە بەرێگر لە ڕێگای ڕێبواری خرۆشدا، هێشووی



ئەستێران دەبوون بەسابات و لە بەر دەم سەکۆی جووتبوون و ڕامووساندا بەکۆمەڵ دەکەوتنە سەما...

ئەو شەوە لە نێوان بەرداشەکانی شەرمدا، ئەڤینێک بوو بەقوربانی.
ئەو شەوە کەروێشکی سەرکەشی تاسەیەک لە نێوان تەڵەی ئەڤینیی هەردووکمان بەبێ خەم دەرباز دەبوو.
تێپەڕی و بەئێمە پێکەنی.
ئەو شەوە حەزێکی سادە و ڕوون،
جۆشێکی پڕ دەروون،
وەک ئاوی زەریاکەی بەردەممان، لە نێوان تۆ و مندا بوو بەقوربانی...
ئەوە شەوە ئاوی زەریاکەیش لە بەردەم تریفە و لە هەمبەر چاوبڕکێی ئەستێراندا بەڕووتی ڕاکشابوو...
زەریاکە یەکپارچە دەلیڤ بوو، تا خۆمان لە چۆمی چڕی ئەڤین بدەین...
چاوی زەریاکەم دەخوێندەوە:
– دەئێوەیش وەکو من ڕووتبنەوە...
ڕووت و قووتی خۆزاترین دیمەنە... ڕووتبنەوە!

ئاخر چ دەبوو ئەو شەوە پەریی ئەڤین دەستمانی لێبوەشاندایە!
ئاخر بۆچ بەو نیوەشەوە پەریی ئەڤین دەستمانی لێنەوەشاند!
خۆ دەڵێن پەریی ئەڤین لە زەریاکان و لە کورایی ئاسماندا دەژی، ئەدی بۆچ ئەو شەوە نەهات دەستمان لێبوەشێنێت. خۆ ئێمە لەبەر بارانی ئەستێرە، لەبەر پرشنگی تریفە و لەکەنار زەریادا خۆمان هەڵخستبوو.
تۆسکانا – ۲۹ – ۵ – ۲۰۰۱

# کەڤۆکی کێوی



نەبووە، نابینی لە شەو مەحرەمتریَ تا ڕۆژی حەشر
پەردە پۆشە، هەمدەمە، هەمدەردی عوششاقانە شەو
"مەحوی"

یاداشتەکانی عاشقێکی سەرەڕۆ:

ئەو بەردەوام یاداشتەکانی خۆی بۆ من دەخوێندەوە، بەڵام من هەر ئەم ڕووپەلەم لە بیرماوە!

چەندە خۆشن شەوەکانی پێککگەیشتن!
چەندە شیرینن شەوەکانی ئاوێتە بوون!
چەندە مێخۆشن ماچەکانی گۆی مەمکت!

ئیمشەویش بەجۆرێکی دی، شێوازێکی دی، بەکۆمەڵێ ڕەنگی گەرم و پڕ پرشنگی دی کلێپەت سەندووەو دڕ بە تاریکی دەدەیت.

هەموو شتێک لە خۆ داماڵیت چێترە لەوەی:
کراسی سپی زراف و ئاودامانت لەبەردابێت.
کەڤۆکی کێوی مەمان، دەڵێی نۆبەرەی سێوە لاسوورەن.
کەڤۆکی کێویی مەمان، لەو دیوەوە سەرەتاتکێیانە.
کەڤۆکی کێویی مەمان، چاوبرکێیانە و بۆ شەڕ بانگم دەکەن.

شەڕی چی. شەڕ بۆچی و لە پای چی؟ کەڤۆکی مەمانت دەنووک لە هەستم دەدەن و چینە لە ڕووبەری ڕۆحمدا دەکەن... ئیدی شەڕی چی!؟

باڵندەی مەمان شەڕم پێدەفرۆشن.
شەڕێک کە دەبێ لە سەرەتاوە ملی تێدا بخەوێنم.
شەڕێک کە دەبێ لە دەسپێکەوە خۆم بەدەستەوە بدەم.



ئەوان بەمەستی نەبێت، ناچنە شەڕەوە.

سەرتاپا مەیان پێدا دەڕژێنم. مەی و مەم، بەو مەمکە تورتانەدا مەی چلۆن چۆڕاوگە دەبەستێ.

مەمانت سەرتاپا دادەگیرسێن. دەنووک لە کراس دەدەن.
مەست دەبن، چاوم لێ دادەگرن و بانگەواز بۆ شەڕ دەکەن.
شەڕێک کە دەزانم، لە سەرەتاوە دەزانم دەیبەنەوە.
بەڵام دەچمە ئەو شەڕەوە.
شەڕێک دەستبەسەر دەچمە بۆتەیەوە.
شەڕێک کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەتەنها دەمم دەبێتە گۆڕەپانی.
بەڵام ناچارم، ناچارم و دەنووکی کەڤۆکی شەڕفرۆش دەنێمە نێو دەمم.
دەنووکم لە دەم دەدات، شەرابی شادومانی لە شەڕفرۆشتنی دەچۆڕێت.
دوا جار. لە دوا دیمەنی شەڕدا، کەڤۆکی کێوی فەرمان دەدات:
بەدەم هەڵیانبگرم و بەشکۆوە لەسەر دەستم دایانبنێم.
وا دەکەم، هەر بەو جۆرەی کە ئەوان فەرمان دەدەن.
دەستمیان بۆ ڕادەخەم. بەدەم هەڵیان دەگرم و لەسەر دەستم دایان دەنێم.

ئەم جووتە کەڤۆکە کێویە لەپی دەستم دەکەن بە سەکۆی لیستن و سەمای سەرکەوتن بەرجەستە دەکەن...

بەلژیک – کۆتایی – ٥ – ٢٠٠١

## فەرهەنگۆک

**ئا:**

ئارشە: کەوانی ئامێری کەمانچە (ڤیۆلین)

**ب:**

بارِن: ئەو بایە بەهێزەی کە بەفری قەد پاڵان دەرنێ.
بەدەو: جوان. خوەشک.
بان مەقان: کۆمەڵێ بەرزایی دڵگیرن لە ڕۆژئاوای چەمچەماڵ.
بەرسڤ: وەڵام
بزاڤ: بزوتنەوە. جوڵە.
بولێڵ: تاریک و ڕوونی سەر لە ئێوارە.

**پ:**

پۆرڕەش: قژڕەش.

**ت:**

تروشکە: گیایەکە کێویلەیی، بەهاران شین دەبێ. منداڵان دەیفرۆشن (تروشکە بەخوێوە زۆر خۆشە)
توتشتی تر: هیچ شتی تر
تژە: پڕ. لێوانلێو
تازی: ڕووت.

خ:

خوەزا: سروشت. خۆڕسک



**د:**

دیو: ژوور. هۆدە.
دەریازە: کەنار دەریا.
دکارم: دەتوانم.
دەلیڤ: بوار.
دلەیزن: دەنوێنن. نمایش دەکەن.
دێ... بژەنن: بەدڵنیاییی دەی ژەنن. ئەم پێشگری (دێ)یە لە زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)دا نییە، بەڵام ئێمە ئەگەر سوودی لێوەربگرین و بەکاری بهێنین باش دەبێ.

**ر:**

ڕووپەل: لاپەڕە
ڕازان: خەوتن.
ڕانازێین: ناخەوین.

**ز:**

زایەند: خۆشەویستی. جووتبوون. (سێکس: هەڵبەتە سێکس شتێکی دیکەیە و لە جووتبوونی خۆشەویستیەوە دوورە. بۆ نموونە مرۆڤ دەتوانێ بەپارە سێکس بکرێ، بەڵام جووتبوونی پڕ خۆشەویستی هەرگیز بەپارە مەیسەر نابێت).
زراڤ: تەنک. ناسک. بۆ تەنکەژن بەکاردێت.
زەرین: زەردباو. قژ زەرد و چاوشین.

**س:**

سێلاو: لافاو. لەهی

**ش:**

شـەرابی نالی: ئامـاژەیە بەدێڕە بەناوبانگەکـەی حـەزرەتی شـیـعـر و داهێنان.

شەرابی لەعلی ڕوممانی لە نالی/ حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان.

**ک:**

کور: قووڵ

کورایی: قوڵایی

کەڤۆک: کۆتر.

کنج: جلوبەرگ.

**گ:**

گژنیژ: گۆی مەمان. بەکرمانجی سەروو پێیدەڵێن. بشکۆکا مەمک. ناوی گیایەکیشە.

گلۆبالیزم: جیهانگەریی.

**ل:**

لیستن: نواندن. نمایشکردن

لیستۆک: ئامرازی نواندن.

لاڤینێ (lawine) هەرەسی بەفر. وشە ئینگلیزییەکەی بەم جۆرەیە (avalanche)

لێ: بەڵام.

**م:**

مینا: نموونە. هاوبابەت. هاوجۆر. هاووێنە.



میلش شتراسە:milchstrasse شەقامی شیر. بەزمانی ئەڵمانی بەڕێگای کاکێشان دەڵێن: شەقامی شیر.

من نەخاپینە: من مەخەڵەتێنە.

مێژی: مێشک.

**ن:**

نەوال: نوال. لێڕەوار

**و:**

واز: کراوە.

**هـ:**

هەمبەر: بەرانبەر. دژ

هێنک: فێنک.

هەدا: ئۆقرە.

هەدادان: ئۆقرەگرتن.

# ناوەرۆک


فریشتەی خۆشەویستی .......... 9
پڕۆژە .......... 15
لە کوێ بوویت؟ لە کوێ بووم .......... 21
جەژنی لە دایکبوون .......... 27
کێڵگەی خۆشەویستی .......... 33
تاڤگەی نێرگز .......... 37
بەفراوان .......... 43
بولێڵ و ئاوێتەبوون .......... 55
دەسەڵاتی خەیاڵ .......... 65
پەپوولە .......... 71
ئەو شەوەی پەریی ئەڤین دەستمانی لێنەوەشاند .......... 75
کەڤۆکی کێوی .......... 79




وێنەکانی ئەم کتێبە: هونەرمەند ڕێبوار سەعید